سەرۆک وەزیرانی عێراق: بڕیاری شەڕ و ئاشتی تەنیا لە دەستی دەوڵەتدایە

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ یەکشەممە جەختی کردەوە کە حکومەت دەستەوەستان ناوەستێت بەرامبەر هەر دەستدرێژییەک کە خوێنی عێراقییەکان بکاتە ئامانج یان دەستکاریی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات بکات.

سودانی لە میانی سەردانێکیدا بۆ بارەگای دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی لە بەغداد، کە تێیدا لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکاریی ئەو هێرشە بوو کە دوێنێ کرایە سەر بارەگاکە و بووە هۆی کوژرانی کارمەندێکی دەزگاکە، ڕایگەیاند: "ئەوانەی ئەم تاوانە ترسناکەیان ئەنجامداوە، گروپێکی ترسنۆکن کە خوێنی عێراقییان حەڵاڵ کردووە و بەزاندنیان بەرامبەر دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەنجامداوە."

هەروەها وتیشی: "هەر کەسێک بوێری ئەوە بکات دەست بۆ خوێنی عێراقی ببات، نوێنەرایەتی عێراق ناکات و هیچ عەقیدەیەک پاساو بۆ ئەم تاوانە ناهێنێتەوە، ئەگەر هەشبێت ئەوا عەقیدەیەکی شێوێنراو و وێرانکەرە."

ئاماژەی بەوەش کرد کە حکومەت بە لۆژیکی دانایی و بەرپرسیارێتی مامەڵە دەکات، بەڵام "دەستەوەستان

نابێت بەرامبەر تاوانی ڕشتنی خوێنی عێراقی و بەزاندنی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات."

بەردەوامیی لێکۆڵینەوەکان

هەر لەو چوارچێوەیەدا، سودانی داوای لە هێزە سیاسییەکان کرد بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵبگرن و هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکاویان هەبێت بەرامبەر ئەو هێرشانەی کە دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەکەنە ئامانج و هەڕەشە لە داهاتووی وڵات دەکەن. وتیشی: "هەندێک کەس مافی دیاریکردنی بڕیاری شەڕ و ئاشتییان بۆ خۆیان داوە، بەڵام ئەمە جەخت دەکەینەوە کە ئەم بڕیارە تەنیا بۆ دەوڵەتە و ئەو لایەنە ڕێپێدراوە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی عێراق."

سودانی فەرمانی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەزگای هەواڵگری کرد کە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی تر، بەردەوام بن لە لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر بارودۆخی هێرشەکە و ئەنجامەکان بە ڕای گشتی ئاشکرا بکەن، هەروەها دوودڵ نەبن لە دەستنیشانکردنی لایەنی بەرپرس و ڕادەستکردنیان بە دادگا.

سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگری و کادیری پێشکەوتوو ئەنجامدا، تێیدا گوێی لە ڕاپۆرتێکی ئەمنی گشتگیر گرت سەبارەت بە کارە زانیاریی و مەیدانییەکان لە چوارچێوەی ئەرکەکانی دەزگاکەدا.